# وێنای مێتافۆڕیی کات
# لە دەرکی زمانییەوە بۆ دەرکی زەینی

د. بەهار زایر محەمەد

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین
Bahar.muhamad@su.edu.krd

**پوختە:**
توێژینەوەکە دەربڕینە لەو مێتافۆڕانەی زمانی کوردی کە چۆن وێنای کات دەکەن و پێکهاتەکانی لە زەیندا جێگیر دەکەن، وێنای میتافۆڕی بۆ کات، لە چوارچێوەی زەیندا، واتا تیشکخستنە سەر ئەو میکانزمە مەعریفییانەی کە بەشێکن لە نائاگایی (اللاوعي) مرۆڤ و بەشدارن لە بونیاتنانی وێناکردنی ئێمە بۆ کات و بیرکردنەوە لێی و قسەکردن لەسەری، وێنای کات بە وێنای ناخودئاگا دەخرێتە ڕوو و بە شێوەیەکی میکانیکی بەکار دەهێنرێت.
کاتێک وشەی «کات» بەکار دێنین، سەرەتا دەبێ چۆنیەتیی وێنامان بۆی و شێوازی بیرکردنەوەمان لێی شی بکەینەوە، چونکە لە ناو سیستەمی وێنای ئێمەدا، چەمکی «کات» چەمکێکی ئاڵۆز و دەوڵەمەندە، ئەوە جگە لەوەی ئێمە وێنای کات لە میانی کات خۆیەوە ناکەین، بەڵکوو تێگەیشتنمان بۆی لە ڕووی میتافۆڕی و خوازەیییەوەیە.
پرسەکە هەندێ بابەتی ورد لە زمانی کوردیدا دەخاتە ڕوو کە تەنیا پێوەست نین بە فەلسەفەی کاتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی، پێوەندی بە زەینی ئاخێوەری زمانی کوردییەوە هەیە بۆ کات، هەر بۆیە وێناکان هەموو کات لە خۆیدا دەرناکەوێت، بەڵکوو دەرکی ئێمە بۆی پێوەستە بە وێناکانی تری وەک جووڵە و بۆشایی (گەردوون) و ڕووداوەکان و...

کلیلەوشە: کات، مێتافۆڕ، مەعریفە، زەین، کاتی گەردوونی، سات، ماوە، ڕیزبەندیی کات.

پێشەکی:

سیستەمی مێتافۆڕیی کات، وەک پێکهاتەیەکی چالاکی مەعریفی، خۆی وەک کردەیەکی جوانکاریی کردەی دەرک دەنوێنێت، پێوەندییەکە لە نێوان «سیستەمی مێتافۆڕیی» و «سیستەمی مەعریفی» دروست دەبێت، ئەمە قسەکردنی لەسەر «کات» لە چارەسەری ڕەوشتییەوە گواستووەتەوە بۆ چارەسەری دەرککردن، واتە لە کردە ئیدراکییە زەینییەکاندا، ڕۆڵی چەقی زمان لە بیرکردنەوە دەردەخات، چونکە دەرککردنی کات، بەشێک نابێت لە فەرهەنگ و زمان، بەڵکوو بەشێک لە سیستەمی زەین پێک دەهێنێت، کە ئەمەش وا دەکات زمان ببێتە ئامانج لە خۆیدا و ڕێگەکانی بیرکردنەوەی زەینی مرۆڤی پێ ببینرێتەوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، کەرەستەکانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی تیۆری مێتافۆڕیی وێناییەوە کە لە کارەکانی «لایکۆف» و «جۆنسن»دا دەردەکەون، شیکراوەتەوە. تیۆرەکە تایبەتە بە ئەو مێتافۆڕە وێناییانەی کە سرووشتێکی گەردوونییان هەیە و لە جیهاندا بەهۆیانەوە دەژین، لە نێویشیاندا چەمکی کات، چونکە جگە لە بەکارهێنانە ئاساییەکانی، بنەمای فیزیایی و کولتووری و تاقیکاری هەیە و لەسەری بونیاد نراوە، لە سەر شێوەی مێتافۆر لە زەیندا جێگیر بووە.

پرسیار و گرفتی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە هەوڵی ئەوەدایە، گرفتی وێنای مێتافۆڕیی کات لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە چارەسەر بکات: سیستەمی وێنایی مرۆڤ چۆن کار دەکات و بۆچی پێکهاتەکانی کات لەسەر شێوەی مێتافۆڕ دەنوێنرێن؟ چۆن چارەسەری پرسە زمانییەکان دەکات لە زماندا بونیادێک بۆ سیستەمی کات هەیە؟ ئایا وێناکان دەتوانن جیهان لە زەیندا بنوێنن و مێتافۆڕە گەردوونییەکان بەچییەوە پێوەستن؟ مرۆڤ چۆن وێنا مێتافۆڕییەکانی بۆ کات لە زەیندا جێگیر دەکات؟

سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانی کوردی/ زاری کرمانجیی ناوەڕاستدایە. نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراوە، بەوپێیەی بەشێکی زۆری مێتافۆڕەکان لە قسەکردنی ئاساییدا بەدی دەکرێن، لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك شوێندا، سوود لە هۆنراوە یان دەقی ئەدەبی بینراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بۆ دەرخستنی بیرکردنەوەی مرۆڤ سەبارەت بە کات، هەندێک گریمانە و بۆچوون دەخاتە ڕوو کە پێوەستە بە بونیادی زمانەوانی و پرەنسیپەکانییەوە؛ بۆ ئەم مەبەستە، پشت بە بابەتە تیۆرییەکان بەستراوە، لە نێویشیاندا تیۆریی وێنای مێتافۆڕی کە لەوێوە یەکەکانی دەرککردن و مەعریفەی زمانیش دەردەکەون.

جیاوازیی توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە هەوڵی داوە بونیادی کات لە زەیندا بخاتە ڕوو، هەر لەم ڕێگەیەوە ئەوەی دەرخستووە کە چۆن مێتافۆڕەکان بەشدارن لە دروستبوونی وێناکانی بیرکردنەوەمان دەربارەی کات و چۆن تاقیکردنەوە جەستەیی و کولتووری و دیدگا و ڕاستییە گەردوونییەکان کاریان لەسەر دروستبوونی ئەم مێتافۆڕانە هەیە، لە هەمان کاتیشدا مێتافۆڕەکان سنوورەکانی بیرکردنەوە لە کات دروست دەکەن، ئەمەش وا دەکات دادان بەو ڕاستییەدا بنێین کە پێکهاتە زمانییەکان، سیستەمی زەینی دیاری دەکەن و هۆکارێکن بۆ ئەوەی لە جیهان و نهێنییەکانی بگەین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە کە هەر یەکەیان بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش بوون. سەرەتا باس لە وێنای مێتافۆڕی کراوە، پاشان پێکهاتەی واتایی مێتافۆڕ و دروستبوونی خراوەتە ڕوو، لە دوای ئەوان تیشک خراوەتە سەر کاتی گەردوونی و ڕوانینی مرۆڤ بۆ کاتی گەردوونی و دەربڕینی

لە ڕێگەی مێتافۆڕەکانەوە، پاشان لە بەشی دووەمدا، پێکهاتەی مێتافۆڕی بۆ هەندێ بنەمای کات شی کراوەتەوە، لەوانە ماوە کە چۆن بنەمای درێژی و کورتی یان زۆری و کەمیی ماوە لە مێتافۆڕەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، دوای ئەوە باسی چرکە کراوە و نموونە پێویستەکان خراونەتەڕوو، لە دوای ئەوان تیشک خراوەتە سەر گرنگی و بەنرخیی کات و ڕەنگدانەوەی مێتافۆڕیانەی، پاشان باس لەوە کراوە کە چۆن کات ڕیزبەندی هەیە و لە دەربڕینەکانماندا خۆی دەنوێنێت.

١-١: وێنای مێتافۆڕی:

ئەو وێنایانەی کە کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەمان هەیە، تەنیا خاوەن ڕەهەندێکی کولتووریی نین[١]، بەڵکوو کاریگەری لەسەر ڕەفتاری سرووشتی و سادەی ڕۆژانەمان دادەنێت بە هەموو وردەکارییەکانییەوە. وێناکانمان ئەو شتانە بونیاد دەنێن کە دەرکیان دەکەین و تەنانەت ئەو ڕێگەیانەش دروست دەکەن کە لە ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ جیهان و خەڵک دەکەین. هەر بۆیە سیستەمەی وێنایی، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە سیستەمی وێنایی ئێمە بەشی هەرە گەورەی خاوەن سرووشتێکی مێتافۆڕییە، ئەوا چۆنیەتیی بیرکردنەوە و مامەڵە و ڕەفتاری ڕۆژانەمان، پێوەندییەکی تۆکمەیان لەگەڵ میتافۆڕدا هەیە. (لایکوف و جونسن:١٩٨٧، ٢١) تیۆری مێتافۆڕی وێنایی، بریتییە لە کۆمەڵە بیرۆکە و پرەنسیپی جیا جیا کە سەروکارییان لەگەڵ زمانەوانیی عیرفانیدا یەک دەگرێتەوە، سەرەتا لایکۆف بیرۆکەی ئەم تیۆرییەی لا گەڵاڵە بوو، بەوەی کە مێتافۆڕ لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بوونی هەیە و بەشێکە لە سێگۆشەی واتایی بیر، وێنای جیهان و شت... و بەشێکە لە جیهانی مەعریفی، هەر بۆیە بە مێتافۆڕیی وێنایی ناو نراوە و سەرچاوەکەی مەعریفەی مرۆڤە، هۆکارێکە بۆ وێناکردنی شتەکان لەلایەن مرۆڤەوە، لەسەر کردەی کەوتنی بواری سەرچاوە و بواری ئامانج کار دەکات.

جۆرج لایکۆف و مارک جۆنسۆن لە کتێبەکەیاندا بە ناوی «ئەو مێتافۆڕانەی کە بە هۆیانەوە دەژین/ ١٩٨٧» ڕێچکەی کارکردنی مێتافۆڕیان دیاری کرد کە چۆن لە مەعریفەی مرۆڤدا کار دەکات، هەر ئەوان لە بواری ئیستاتیکا و ئەدەبەوە بۆ زمانەوانی عیرفانی گواستیانەوە.

کەواتە دەکرێت بوترێت، مێتافۆڕی وێنایی، بریتیە لە «کردەی تێگەیشتن لە بواری وێناکردنێکەوە، لە ڕێگەی بوارێکی ترەوە دەکرێت بەم شێوەیە بنوێنرێت، بواری وێناکردنی (أ) و بواری وێناکردنی (ب) ئەوەی یەکەم بە بواری ئامانج دادەنرێت، بوارەکەی تریش بە بواری سەرچاوە دادەنرێت. واتە ئێمە بوارێکی وێنایی کە سەرچاوەیە بۆ بوارێکی تری وێنایی بەکار دەهێنین کە ئامانجەکەیە، لە هەمان کاتدا لە ئامانجەکە دەگەین بەوپێیەی بوارێکی وێناییە بە یارمەتیی وێناکردنێکی تر (بواری سەرچاوە)، بەواتایەکی تر ڕێککەوتنی وێناکان، لەنێوان هەردوو بواردا بە هەند وەردەگرین[٢].»

لە زمانناسیی مەعریفیدا، میتافۆڕیی وێنایی یان مەعریفی، ئاماژە بە تێگەیشتنی بیرۆکە (یان ڕووبەرێکی

١. لە تیۆریی ڕێژەییی زماندا، ئاماژە بەوە کراوە کە، زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی بیر بەڵکوو بیرەکانیش دروست دەکات، بەرنامە و ڕێبەری گشت چالاکییەکانی مرۆڤە. بەپێی تیۆرییەکە، دروستبوونی بیر پرۆسەیەکی سەربەخۆ نییە بەڵکوو کەم و زۆر پێوەندی بە سیستەمە ڕێزمانییە جیاوازەکانەوە هەیە، مرۆڤیش هەموو بیرکردنەوەی وەکوو یەک نییە. بەپێی جیاوازیی زمانەکان، بیرکردنەوەکانیش جیاواز دەبن، وۆرف پێی وایە، زمان دەربڕین لە شێوە و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیانیش دەکات، کاتێک مرۆڤ زمان بەکار دەهێنێت. بۆ ناونان و وەسفکردنی شت و ڕووداوەکان دەربڕینی دۆخەکان و...هتد بە پۆلێنکردن و ڕێکخستنی ئەزموونی ژیانی خۆی، هەڵدەستێت بە شێوەیەکی نەستەکی (لاشعوری) لە گشت چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بەرجەستە دەبێت. بڕوانە (عبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد/ مێتافۆر لە زمانی کوردیدا/ نامەی دکتۆرا/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ ٢٠١٧ل٢١).

٢. بە ڕای لایکۆف، ئەمە تێگەیشتنی بوارێکە بە گوێرەی بوارێکی تر، یەکێکیان بواری سەرچاوەیە، ئەوی تر بواری ئامانج، بەپێی تاقیکردنەوە و کولتوور دەنوێنرێن، واتا زەین بە گوێرەی تاقیکردنەوە ماددییەکان کردەی کەوتنەکە ئەنجام دەدات، وەک تاقیکردنەوەی خۆشەویستی بە سەفەر و تاقیکردنەوەی گفتوگۆ بە شەڕ و کات بە پارە و ئەوانی تر، بڕوانە: جورج لایکوف/ النظرية المعاصرة للاستعار/ ت. طارق نعمان/ مكتبة الاسكندرية/ مصر/ ٢٠١٤، ص٧.

واتایی) دەکات بەپێی بیرۆکەیەکی تر. نموونەش بۆ ئەمە تێگەیشتنە لە بڕ quantity بە هۆی ئاڕاستە directionality وەک: نرخی شتومەک لە هەڵکشاندایە.

لە بەرهەمێکی تری لایکۆفدا بەناوی «فەلسەفە لە جەستەدا» هەوڵی پێداچوونەوە بە زۆرێک لەو چەمکانە دەدا کە پێشتر بۆ ماوەی چەندان سەدە چەسپابوون، بە بەستنەوەی بە ڕەهەندی زەین و جەستەوە کە چۆن بۆ ماوەیەکی زۆر جەستە پشتگوێ خرابوو. (بڕوانە لایکوف:٢٠١٤،١٠) هەر بۆیە لە توێژینەوە تاقیکارییەکەیدا، ڕەخنە لە بۆچوونە باوەکەی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی دەگرێت، بەوەی کە جەستەی لە واتا باوەکان دوور خستووەتەوە و بە خەیاڵ و ئایدیالەوە بەستراوەتەوە، لە کاتێکدا هەردوو ڕەهەند لە وێناکردنی شتەکان لە بونیادی زانستە مەعریفییەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن، ئەو پێی وایە، کردە مەعریفییەکان (ئیدراکییەکان) پشت بە توانای «عەقڵ و هەڵێنجان و بەڵگەهێنانەوە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و چارەسەری کێشەکان» دەبەستن. بەپێی ئەم بۆچوونە نوێیە، زەین بەپێی هێما ئەبستراکت و ماتماتیک و خواریزمی بەڕێوە ناچێت، بەڵکوو بەپێی کردەی کارلێک کار دەکات کە بە تۆڕێکی سیستەمی وێناییەوە بەستراوەتەوە و هەڵێنجراوی تاقیکردنەوەکانی ژیان و جەستەمانە؛ ئەوەی واتا بەم هێمایانە دەدات، توانا، تاقیکردنەوە، هەڵسوکەوت، جووڵە، کۆمەڵگە و کولتوورە.

ئەوان مێتافۆڕیان لە یەکەیەکی سادەی پەراوێزخراوەوە گواستەوە بۆ یەکەیەکی سەنتەری لە تیۆرە واتاییەکاندا، ئەو شتە جیاوازەی کە ئەم تیۆرە بۆ مێتافۆڕ کردی، جیاواز بوو لە هەموو ئەو ڕایانەی پێشتر هەبوو، لە ئەرستۆوە تا پراگماتیکییەکان، ئەمان بەو شێوەیە کاریان لەسەر سرووشتی مێتافۆڕ کرد کە چۆن وێنەکانی زەینی مرۆڤ لە جیهان و واقیع دوورەپەرێز نین، بەڵکوو پێوەستە بە هەموو ئەو پێدراوانەی لە دەرەوە و ناوەوەی ژیانی مرۆڤدا هەن، باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری... وا دەکەن کە جەستە بەهۆی تاقیکردنەوەکانییەوە کارلێک لەگەڵ واقیعدا بکات.

دەشێت بواری واتایی، سیستەمێکی پتەوی ئەزموونی مرۆیی بێت، ئەو سیستەمەی زمانەکان بۆ میتافۆڕ پیادەی دەکەن، پێ دەچێت لەسەر بنچینەی واتایی دامەزرابێت، ئەمەش ئەم گریمانەی لێ کەوتووەتەوە: پانتایی واتایی (دەربڕین) هاوڕێکە لەگەڵ پانتایی وێنایی زەین. ئەم تیۆرییە لەگەڵ ئەوەشدا کەوتە بەر ڕەخنە، کەچی سەرنجی زمانناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەم بیرۆکەیە و تاوتوێکردنی پرۆسە بنەڕەتییەکانی لەلایەن لاکۆف و جۆنسۆن دۆزرایەوە، هەروەها زانایانی تری بواری مەعریفە وەک «جیل فۆکنێر» بابەتەکانی هاوشێوەی میتافۆڕی وێنایی لە ژێر ناونیشانی پێوانە و ئاوێتەکردنی واتاکان تاوتوێ دەکەن. (غەفوور، مستەفا: ٢٠١٨،٥٧-٥٨)

کەواتە دەتوانین بڵێین، دەربڕین لە بوونمان پێوەستە بە پێدراوە زمانییەکانەوە، بەشێکی زۆری سیستەمی وێناییشمان بە سرووشتی خۆی مێتافۆڕییە، کە لە ڕێگەیانەوە لە جیهان دەگەین. ئەوانە چوارچێوەیەکی زەینین، وا دەکەن تاقیکردنەوەکان تۆمار بکرێن و پێوەندی لە نێوانیاندا دروست ببێت و لە زەیندا سیستەمێکی سەنتەری هەبێت. بە تەواوی بەشێک نییە لە زمان، بەڵکوو بونیادێکی زەینییە کە زمان دەری دەبڕێت، بۆ ئەوەی بۆ گەیاندن بشێت.

١-٢پێکهاتەی واتایی

ئەگەر وێناکان بۆ ئەوە دروست بووبن کە جیهان لە زەیندا بنوێنن، ئەو کاتە بەشێوەیەکی داهێنەرانە پێوەستن بە تواناکانی مرۆڤ بۆ پێکهاتن و نواندنیان، ئەمە ئەو شتەیە کە «کاتز و فۆدۆر» لە کتێبەکەیان «بونیادی تیۆریی واتایی، ١٩٧٢» ئاماژەیان پێ کردبوو کە ئاستی وێنایی، پێوەستە بە ئاستی زمانییەوە، بەهۆی ئاستی پراگماتیکەوە بەیەکەوە بەستراون. (Kattz,fodor:1972,116) بە هەمان شێوە ئاماژەی ئەمە لای چۆمسکی هەستی پێ دەکرێت لە کتێبی (ڕامانە زمانییەکان، ١٩٧٥) پێیوایە کە بونیادە واتاییەکان بەشێکن لە بونیادی وێنایی، بەتایبەتییش ئەو بونیادانەی کە بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێن. (Chom-sky:1975,72) لە ڕێگەی پەرەدان بە دیاردە زمانییەکان کە بونیادی زمانییان تێ پەڕاندووە بۆ بونیادی مێتافۆڕیی

بنەڕەتـی، وەک:

خەم چۆکی پێدا داوم.

زەمانە گوڵێکی دامێ و لێی ستاندم.

لـە نموونەکانـی سـەرەوەدا دەردەکەوێـت کـە ئەمانـە وێناکردنــن بــۆ کردەیەکــی تــر. ئــەوەی جێگــەی ســەرنجە، ئـەو توانایـەی دراوەتـە پـاڵ هەندێـک شـت کـە لـە ڕاسـتیدا ئـەو سـیفەتەیان نییـە، «چۆکپێـدادان، لێسـتاندن» کـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان دەسـەڵات و توانایـان هەیـە و دەتوانـن چارەنووســمان دیــاری بکــەن، ئەگــەر پراگماتیکییانــە بــۆی بڕوانیـن شـێوەیەکە لـە لادان، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا زمـان شـێوە ئاسابییەکەشــی ئــەم دەربڕینانــە لــە خــۆ دەگرێــت و ناشــێت چۆکــداداان و لێســتاندن پێوەســت بــن بــە شــتە زینــدوو و بــە توانـاکانـەوە، بەڵکــوو ئــەم پێکهاتــە زمانییانــە لــە زمانــی وێناییــدا، پێویســتیان بــە جۆرێــک لــە ئامــادەکاری هەیــە، بــۆ ئــەوەی لــە نــاوەڕۆک و واتــاکان تــێ بگەیــن، ناکرێــت تەنیـا پشـت بـە واتـای بـاو ببەسـترێت، بەڵکـوو بـەرەو ڕووی مێتـا زمانمـان دەبـات. بـە هەمـان شـێوە، میتافۆڕەکانـی کات هەندێـک واتـا دەخەنـە پاڵـی کـە دەکرێـت لـە واتـای بـاو تێپـەڕی بـێ لـە ڕووی ئاڕاسـتە گەردوونییەکەیـەوە، پێبەنـدی تایبەتمەندیـی سـەرچاوە و ئامـانج بێـت، ئەمانـە بـوون وایـان لـە لایکـۆف و جۆنسـۆن کـرد کـە ئـەوە دەربخـەن، بونیـادی وێنـای میتافـۆڕی بەشـێکە لـە سیسـتەمی تێگەیشـتن. (Jon-son,Lakoff:1999,39)

ئەگەر تەماشای ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین:

ڕۆژی لە دایکبوونم نزیک بووەتەوە.

ساتە خۆشەکان بەرەو ڕوومان دێن.

ڕسـتەکان ئـەوە دەردەخـەن، ئەمانـە نموونـەی چەمکـی واتاییــن و لــە پێکهاتــەی سیســتەمی واتاییــدا ئــەم جــۆرە دەربڕینــە چەســپاوە، لــە هەمــان کاتیشــدا، مێتافۆڕێکــە لەبـەر ئـەوەی ڕۆژی «لەدایکبـوون» توانـای نزیـک بوونـەوەی نییـە، یـان سـاتی خـۆش بەپێـی سـیما واتاییـەکان، توانـای ڕووبەڕووبوونــەوەی نییــە، بۆیــە دەتوانیــن ئەمانــە بخەینــە بونیـادی زمانـی مەعریفیـی سـەربەخۆوە، بـەڵام هەمیشـە لـە توێژینـەوە زمانەوانییەکانـدا ئێمـە بـە دوای ماتماتیکێکـی مەعریفـی وادا دەگەڕێیـن، وشـە و واتـا بەیەکـەوە ببەسـتێت کـە پێوەسـت بـن بـە واتـای فەرهەنگییـەوە، هـەر بۆیـە هێشــتا تیۆریــی واتــای میتافــۆڕی لەژێــر بــاری توێژینــەوەی تردایـە و هێشـتا ڕووەکانـی بـە تـەواوی دەرنەکەوتـوون.

لـە ڕوانگـەی «لایکۆف»ـەوە، کات لـە هەمـوو زمانەکانـی جیهانـدا میتافـۆڕی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و بـە دوو ڕێگـە دەرک دەکـرێ: یـان شـتێک لێـمان نزیـک دەبێتـەوە: «بـۆ جـەژن دێیـن بـۆ ماڵتـان»، یـان وەک شـەپۆلێک بـەرەو ڕوومـان دێـت و بـە نـاو مرۆڤـدا تـێ دەپەڕێـت: «جــەژن لێــمان نزیــک بووەتــەوە». ئەمـە تـەواو جیـاوازە لـە کات بـە مانـا زانسـتییەکەی کـە بریتییـە لـە سـووڕی دووبارەبوونـەوە کـە لەسـەر بونیـادی ئیعتیبـاری aspectual structure دامـەزراوە و بـەرەو بێکۆتایـی درێـژ دەبێتـە؛ هـەر بۆیـە پێـی وایـە کات بـە مانـای واقیعـی reality لـە بنەمـادا نییـە، تەنیـا بـە مانـا میتافۆڕییەکـەی لـە ئارادایـە. (لایکـوف: ٢٠١٥)

١-٣ : کاتی گەردوونی

مێتافــۆڕی گەردوونــی، پێوەســتە بــە مێتافــۆڕی ئاڕاســتەکانەوە (orientational metaphor) (لایکــوف جونســون:١٩٨٠, ٣٣) بــەو پێیــەی سیســتەمێکی تــەواوی وێناکردنـە کـە پێوەسـتە بـە ئاڕاسـتە گەردوونییەکانـەوە و لەسـەر تاقیکردنــەوە فیزیکــی و کولتوورییەکانــی تــاک دامــەزراوە، بـەم شـێوەیە لەژێـر ڕۆشـنایی ئاڕاسـتە گەردوونییـەکان ئـەم نەمەتـە ڕێکخـراوە وەک: «بـەرزی، نزمـی، ژێـر، سـەر، قـووڵ، ڕووکـەش، پەراوێـز، ناوەنـد...» ئـەم ئاڕاسـتە گەردوونییانـە بەشــێوازێک مێتافۆڕەکانیــان ڕێکخــراوە کــە بــە گەردوونــی بوونـی ئێمـەوە پێوەسـتە، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ کاتێـک لـە بـەرزی دابێـت واتـا بـە پێوەیـە و لـە بنەڕەتـدا کەسـێکی تەندروسـت و سـاغ بـە پێـوە وەسـتاوە، لـە بەرانبـەردا مرۆڤـی نەخـۆش و لاواز و کـز و ڕوو لـە زەوی، لەسـەر شـێوەی نزمـی دەنوێنرێــت، کەواتــە ئاســودەیی پێوەســتە بــە بەرزبوونــی مرۆڤـەوە، بۆیـە مێتافـۆڕە باشـەکان بـە دەسـتەواژە بـەرزەکان دروسـت دەکرێـن، بـە پێچەوانەشـەوە کاتێـک هەسـتەکە خراپـە، پەنـا بـۆ ئـەو دەسـتەواژانە دەبرێـت کـە نـزم و ڕوو لـە لێژییـە.

لە لووتکەی سەرکەوتن بوو.

ورەی بەرزە.

کرێکارەکانییان پەراوێز خستووە.

ئەحمەد گلۆڵەی کەوتە لێژی.

ئەمانــە لــە خــۆوە دروســت نەبــوون، پێوەســتن بــە تاقیکردنــەوە فیزیایــی و کولتوورییەکانــەوە، لــە کولتوورێکــەوە بــۆ یەکــی تــر دەگۆڕێــن، لــە ڕاســتیدا بەشــێکی زۆری واتاکانــی مــرۆڤ، بەتایبەتــی گەردوونییــەکان، پێوەســتن بــە تاقیکردنەوەکانی جەستەی مرۆڤــەوە، بــەو پێیــەی جەســتەمان بەنــاو گەردوونــدا دەڕوات، واتاکانیــش بەپێــی ئــەم پێوەندییــەی جەســتە بــە گەردوونــەوە دەردەکــەون؛ لــە ڕێــگای کەوتنــی مێتافۆڕەکانــەوە، لــە تاقیکردنــەوە جەســتەیییەکە و بنچینەکــەی دوور دەکەوێتــەوە. (Johnson,Mark:1987,215)

بــە هەمــان شــێوە «کات»یــش وێنایەکــی ئاڵــۆزی لــە زەینــی مرۆڤــدا هەیــە، بــۆ نموونــە «کات» لــە زمانــی ئینگلیــزی و زمانەکانــی دیکــەدا، زۆربــەی جــار بــە دەســتەواژەکانی خــۆی وێنــا ناکرێــت و قســەی لەبارەوە ناکرێــت. بــەم جــۆرە بەشــێک لــە تێگەیشــتنی ئاســایمان بــۆ کات بریتییــە لــە دەرککردنــی بەشــێوەیەکی پەتــی و بەشــی هــەرە زۆریشــی پێوەســتە بــە داڕشــتنی تێگەیشــتنمان بــۆ جووڵــە و بۆشــایی (گــەردوون). (Hickmann:2003 ,5)

دەبــێ ددان بــەوەدا بنرێــت کــە جووڵــە لــە سیســتەمی وێنایــی مرۆڤــدا، وەک شــێوازی تێگەیشــتنی جووڵــە نییــە لــە فیزیــادا، لــە زانســتی فیزیــادا وێنایەکــی زۆر ســەرەتایی هەیــە بــۆ جووڵــە کــە ئەویــش بریتییــە لــە جێگۆڕکــێ، تەنێــک لــە شــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکی تــر، بــەڵام لــە ڕووی مەعریفییــەوە پێچەوانەیــە، بەجۆرێــک کــە جووڵــە لێــرەوە دەســت پــێ دەکات و کات بەشــێوەیەکی میتافــۆڕی لەمیانــی جووڵــە دەرک دەکرێــت.

لەبــەر ئــەوەی کات لــە نــاو سیســتەمی وێنایــی مرۆڤدایــە، بۆیــە هەمــوو شــێوەکانی تێگەیشــتن لێــی، پێوەســتن بــە وێناکانــی تــرەوە، وەک: جووڵــە، ڕووداو، گــەردوون و بــواری کات پێوەســتە بــە ڕووداوەکانــەوە لــە ڕێــگای بەراوردکردنــی بــە ڕووداوەکانــی تــرەوە دەرک دەکرێــت، بــۆ نموونــە کاتێــک تەماشــای نمایشــێکی شــانۆیی دەکەیــن، ئێمــە بــەراوردی ســەرەتا و کۆتاییــی شــانۆکە بــە ڕووداوەکان دەکەیــن، بەپێــی دووبارەبوونــەوەوە، بەردەوامیــی ڕووداوە مادییــەکان کــە لــە هەمــان جــۆرن، دەتوانرێــت ماوەکانــی کات دیــاری بکرێــت، لــە هەمــان کاتــدا ناکرێــت پێناســەی کات بــەوە بکرێــت کــە شــتێکە لــە خــودی خۆیــدا، بەڵکــوو لــە ڕێگــەی بەراوردکردنــی بــە ڕووداوەکان دەردەکەوێــت، بــۆ نموونــە کات بــە ئاڕاســتەیەک دەڕوا و پێچەوانــە نابێتــەوە، چونکــە ڕووداوەکان ســەرەتا و کۆتاییــان هەیــە. هــەر بۆیــە چەنــد ڕووداوێــک دیــاری کــراوە، بــۆ ئــەوەی کاتــی پــێ پۆلێــن بکرێــت، وەک ئــەوەی لــە ڕۆژ و شــەو یــان ســاڵ و میلــی کاتژمێــردا ڕوو دەدات. بۆیــە شــتێکی لۆژیکییــە ئەگــەر بڵێیــن وێناکانــی کات لــە زەینــی مرۆڤــدا، بــە هــۆی مێتافۆرەکانــەوە ئەنجــام دەدرێــت، هــەر مێتافۆرێکیــش میتافیزیکــی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە، لێــرەوە بوونــی جووڵــە لــە دیاریکردنــی سیســتەمی وێنایــی کات گرنگــە، بــەڵام بــە واتــا فیزیاییەکــەی نــا کــە بریتییــە لــە جووڵــەی تەنێــک لــە شــوێنێک بــە تێپەڕینــی کات، بەڵکــوو لــە بــواری مەعریفیــدا پێچەوانەیــە، جووڵــە ســەرەتایە و کات وێناکەرێکــی مێتافــۆری دەوێــت، باشــترین نموونــەش لــەو مێتافۆرانــە دەردەکەوێــت کــە ئاڕاســتەی کات دیــاری دەکــەن و تێبینەرێــک هەیــە لــە بەرانبــەر داهاتــوو وەســتاوە، داهاتــووش ڕوو لــە پێشــە، ڕابردووەیەکیــش لــە دواوە بــووە، هەرچــی ئێســتەیە پێگــەی تێبینــەر دیــاری دەکات. (بڕوانــە: عطــا اللــه، أیمــان عبدالســتار:٢٠١٧: ٢) بــەم چەشــنە میتافــۆڕ لەمــەڕ کاتــەوە زۆر ڕێسامەندە کــە لــە بوونــی تێبینــەردا کــورت دەبێتــەوە و ڕووبــەڕووی ئایینــدە دەبێتــەوە (و ئایینــدە لــە پێشــیەتی) و ڕابــردوو لــە پشــتەوەیەتی و ئــەم بونیــادی مێتافــۆرە بــە ئاڕاســتەی کاتەکــی نــاوزەد دەکرێــت و دەشــێت بــەم جــۆرەی خــوارەوە ڕوون بکرێتــەوە:

شوێنگەی تێبینەر ــــ ئێستە

ئەو بۆشاییەی (space) لە پێش تێبینەوەیە ــــ ئایندە

ئەو بۆشاییەی (space) لە پشت تێبینەرەوەیە ــــ ڕابردوو

دەتوانیــن بــۆ ئــەم میتافۆڕانــە، ئــەم دەســتەواژانە وەک نموونــە بــەکار بێنیــن:

ئەمڕۆ ڕۆژی منە.

ئاییندەیەکی ڕووناک چاوەڕوانییەتی.

هیچی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشت.

ئەمـە ڕێگەیەکـی ئاسـاییە لـە ئاڕاسـتەکردنی کات لـە زمانەکانـی جیهانـدا و تەنانـەت هێـزی دەیڤیـد بـەم جـۆرە وەسـفی دەکات: هیندییـە سوورەکانی پـوری (puri) تەنیا یـەک وشـەیان هەبـووە بـۆ دوێنـێ و ئێسـتە و سـبەی و لـە ڕێگـەی ئاماژە بـۆ پشـتەوە گوزارشـتیان لـە دوێنـێ و بـۆ پێشـەوە بـۆ سـبەی و سـەر سـەر بـۆ ئەمـڕۆ کـردووە، بـەڵام هەنـدێ لـە زمانـەکان، ڕابـردوو دەخەنـە پێشـەوە و ئایینـدە بـۆ پشـت، ئـەوەش لـە زمانـی ئایـمارادا (Aymara) هەیـە کـە زمانێکـی چیلییـە لـە ناوچـەی ئەندیـز میتافـۆڕی «ڕابـردوو لـە پێشـتە» سـەرچاوەکەی بـۆ ئەزموونـی توانـای بینینـی ئـەو شـتەی ئێسـتە لـە پێشـت کردووتـە، دەگەڕێتـەوە. (Eugene.1977:67)

یەکێکـی تـر لـە مێتافـۆڕە گرنگـەکان سـەبارەت بـە کات، مێتافـۆڕی تێبینـەری جـووڵاوە، لێـرە تێبینـەر دەجووڵێـت و لـە شـوێن یـان پێگەیـەک سـەقامگیر نابێـت، هەمـوو شـوێنگەیەک لـەو ڕەوتـەی تێبینـەر دەیبڕێـت، بریتییـە لـە کات، شـوێنی تێبینـەر ئێسـتەیە، لەبـەر ئـەوەی «کات» لێـرەدا وەک شـوێنگەی دیمـەن وێنـا دەکرێـت؛ دەتوانیـن ئەمـە بـە میتافـۆڕی دیمەنـی کات نـاوزەد بکەیـن.

میتافۆڕی تێبینەری جووڵاو:

شوێنگەی ڕەوتی جووڵەی تێبینەر ⟵ کاتەکان

جووڵەی تێبینەر ⟵ تێپەڕینی کات

ئـەو دوورییـە (المسـافة)ی تێبینـەر دەیجووڵێنێـت ⟵ مـاوەی کات «بـڕدراو»

هـەر وەک پێشـتر بینیـمان، ئەمـە بـە زۆری لـە میتافـۆڕی ئاڕاسـتەی کاتەکـی پێـک هاتـووە، بـە جۆرێـک ئایینـدە لـە پێشـەوە و ڕابـردوو لـە دواوەیـە ئـەم دوو مێتافـۆڕە بـەم جـۆرە کۆپـی دەبـن:

شوێنگەی تێبینەر ⟵ ئێستە

بۆشایی پێش تێبینەر ⟵ ئایندە

بۆشایی دواوەی تێبینەر ⟵ ڕابردوو

شوێنگەی ڕەوتی جووڵەی تێبینەر ⟵ کاتەکان

جووڵەی تێبینەر ⟵ «تێپەڕینی» کات

ئـەو دوورییـەی تێبینـەر دەیجووڵێنێـت ⟵ مـاوەی کاتـی بـڕدراو (لایکـوف، جونسـون: ٢٠١٦: ٢١٦)

لەبـەر ئـەوەی کات بریتییـە لـە ڕەوتێـک کـە لەسـەر باکگراونـد یـان بەسـتێنێک کـە تێبینـەر لەسـەری دەجووڵێـت، هـەر بۆیـە دووری (الامتـداد)ی هەیـە و دەشـێت پێوانـە بکرێـت، کەواتـە ماوەیـەک لـە کات دەکرێـت درێـژ یـان کـورت بێـت. دووریـی کات، دەشـێت دیاریکراویـش بێـت. بـەم چەشـنە، هـەر کەسـێک دەتوانێـت چالاکـی یـان کردەیـەک لەنـاو کاتێکـی دیاریکـراودا ئەنجـام بـدات. ئـەم نوسـخە میتافۆڕییـە، ئـەم ڕسـتانەی لـێ بەرهـەم دێـت:

- لە کۆتایی ساڵدا دەگەین.
- لە سەری ساڵ نزیک بووینەتەوە.
- کاتە دیاریکراوەکەمان تێ پەڕی.
- ڕەشەمێمان تێ پەڕاند.
- گەیشتینە پووشپەڕ.
- نەورۆز هات.

ئەگـەر لـە شـوێنی «ئـا» نزیـک بیـن، ئـەوا چەنـد هەنگاوێکـی کەمـمان مـاوە بـۆ ئـەوەی بگەیـن بـە شـوێنی «ئـا».

ئەگـەر شـوێنی «ئـا» لـە شـوێنی «ب» نزیـک بێـت و شـوێنی «ب» نزیـک بێـت لـە شـوێنی «ج» ئـەوا شـوێنی «ئـا» زۆر لـە شـوێنی «ج» دوور نییـە. (لایکـوف، جونسـن:٢٠١٦: ٢١٤)

٢-١وێنای میتافۆڕی ماوە (المدة):

مێتافـۆڕ دەچێتـە نـاو دروسـتکردنی بیـر و وێناکانمانـەوە کـە دەشـێت لـە یـەک کاتـدا بـە عەقڵـی و مـاددی وەسـفی بکەیـن. بـەو ڕادەی کـە مـرۆڤ وەک بوونەوەرێکـی سـەربەخۆ و تاکەکەسـی و نـاوازە دەردەکەوێـت، دەتوانیـن بـەو ڕادەیـەش وەسـفی بکەیـن کـە خـاوەن ئەزموونـی ئەوتۆیـە کـە دەشـێت بگۆڕیـت بـە خاڵـی ڕوون و ئاشـکرا، هـەر خاڵێـک گرنگیـی تایبەتیـی خـۆی وەردەگرێـت، کاتێـك دەگوازرێتـەوە بـۆ خاڵێکـی کاتیـی دیاریکـراو، بـەم جـۆرە گوزارشـت لێـی لـە تەنیـا ڕووداوێکـی ناوجەوهەرییـەوە دەگۆڕێـت بـۆ بنیادێکـی نیشـانکارانەی کـە ئاماژەیـە بـۆ پێدروایێکـی کاتەکیـی دیاریکـراو کـە بـە مـاوە یـان چرکەسـات گوزارشـتی لـێ دەکرێـت. بـەم جـۆرە هێزێکـی واتایـی وەردەگرێـت کـە لـە زمانێکـی ڕووتـەوە دەگۆڕێـت بـە «میتا-زمـان»، لـە ئاماژەیەکـی ڕوون

بــۆ مێتافــۆڕ و ئــەو شــتەی ئامــاژەی بــۆ دەکات.)بومیــان، کریســتوف: ٢٠٠٩: ٢٣٠)

بــۆ زیاتــر ڕوونکردنــەوە، دەتوانیــن ئــەم نموونانــە بهێنینــەوە:

ئا- کات بەخێرایی دەڕوات.

ب- تەمەنــی گەنجیــمان چــۆن ڕۆیــی و هەســتمان پــێ نەکــرد.

ج- بە هیچ ڕۆژم لێ ئاوا نەدەبوو.

هەمــوو ئــەم نموونانــە ئامــاژەن، بــۆ ئەزموونــی واقیعــی و ڕۆژانــە، بــە جۆرێــک کــە کات ئامــاژەی ئەوتــۆی تێدایــە کــە هەڵگــری فشــار، کــورت و درێــژی، زۆری و کەمییــە. بــەڵام ئــەو پرســیارەی دێتــە ئــارا ئەوەیــە، ئــەم وێنایــە لــە کوێــوە دێــت و چــۆن دەتوانیــن پێوەنــدی لــە نێــوان خێرایــی و چەقیــن و کورتــی لەگــەڵ کاتــدا دروســت بکەیــن کــە هیــچ پێوەنــدی پێــوە نییــە.

ئەگــەر سیســتەمی زمانــی لەســەر ئــەو وێنایــە دامەزرابێــت کــە لــە جیهانــی دەرەکــی دەرکــی دەکەیــن، ئــەوا هەســت و هۆشــمان ســەبارەت بــەم شــتانە تایبەتــە بــە لایەنــی بایۆلــۆژی کــە لــە سیســتەمی هەســتەکی دا جێگــەی گرتــووە، بــە جۆرێــک کــە ئێمــە هەســتی دۆزینــەوەی جووڵــە و ڕووداوەکانمــان هەیــە، بــەڵام دۆزرەوەی کاتمــان نییــە. کەواتــە واتــای بایۆلــۆژی (biological meaning) دەبێــت لــە ڕێگــەی لۆژیکــی جووڵــە و شــتەکانەوە دەرک بکرێــت. ســەرەڕای ئــەوەی ئــەم خوێندنەوەیــە بــە شــێوەیەکی گشــتی ناتوانێــت ڕازیــمان بــکات، چونکــە بەڵگــەی کردەکــی هەیــە کــە مرۆڤــەکان دەجووڵێــن و هەســت بــە تێپەڕینــی کات دەکــەن، نــەک هــەر ئــەوە، بەڵکــوو مــاوەی کاتەکــەش دەپێــون، بــە بــێ ئــەوەی هیــچ ئامێرێکیشــیان لا بێــت.

ئــەوەی لێــرەدا سەرســووڕهێنەرە، توانســتی مرۆڤــە بــۆ حسابکردنێکی ئاگایانــەی کات لەســەر بنەمــای درێــژی و کورتــی یــان زۆری و کەمیــی ماوەکــەی، یــان لەســەر بنەمــای ئــەو دۆخــە ســایکۆلۆژییەیە کــە هەســتی پــێ دەکــەن، بــە جۆرێــک کــە کاتەکــە بــە خێرایــی دەڕوات، ئەگــەر لــە دۆخــی دڵخۆشــی و شــادی «ا» و «ب»ــدا بێــت و بــە پێچەوانەشــە، ئەگــەر لــە دۆخــی دژواری و تەنگەتــاوی «ج»ــدا بێــت، هەســت دەکات کات چەقیــوە. هــەر بۆیــە تەبابییەکــی واتایــی هەیــە لــە نێــوان چەقبەســتن و خێرایــی و کورتــی لەگــەڵ سیســتەمی کاتەکیــی مــاوەدا، بــە جۆرێــک کــە ژێرخانەکــەی تێــک دەشــکێت بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ فشــار و درێــژی و کورتیــی مــاوەدا تەبــا بێــت. (الملاخ، محمــد: ٢٠١٠: ٣٤)

بــەم جــۆرە ئێمــە دەتوانیــن ئەزموونــی خۆمــان لەگــەڵ کات بژمێریــن و بیپێویــن، ســەرەڕای ئــەوەی لــە ڕێگــەی پێداویســتییە بایۆلۆژییەکانــەوە دەرکــی ناکەیــن، بەڵکــوو بــە هــۆی پێــدراوی تاکەکەســییەوە هەســتی پــێ دەکەیــن، بــەم جــۆرە پێویســتییەکی زۆرمــان بــە میتافــۆڕی فیزیایــی هەیــە بــۆ ئــەوەی بتوانیــن گوزارشــت لــە کات بکەیــن، هەروەهــا پێویســتمان بــە مێتافــۆڕی مــاددی هەیــە بــۆ ئــەوەی بشــێین ســەبارەت بــە شــتەکانی نــاوەوەی خۆمــان لــە هەســت و ســۆز و بیرۆکــە بدوێیــن. بــە شــێوەیەکی وردتــر، پێویســتمان بــە جێکەوتــی وێنایــی هەیــە، بــۆ ئــەوەی پێوەنــدی لــە نێــوان پێداویســتیی بایۆلــۆژی و دەربڕینــە ناوەکییەکانمانــدا دروســت بــکات.

٢-٢میتافۆڕی چرکەسات (اللحظة):

زۆربــەی جــار وا هەســت دەکەیــن کــە چرکەســات، خاڵێکــی جیایــە، هــەر وەک «عەبدولحەمیــد جەحفــە» لــە کتێبــی «دلالــة الزمــن في اللغــة العربيــة، ٢٠٠٦»ــدا ئامــاژەی بــۆ کــردووە، ئەگــەر ئــەوە ســەلماوە کــە وێناکەمــان بــۆ ڕووداو لەســەر یــەک خــاڵ لــە کات وەســتاوە و ئــەم کاتــەش زیاتــر لــە خاڵێــک بگرێتــەوە لەنــاو خۆیــدا، ئەمــە دەرفــەت دەدات بــە هاتنەنــاوەوەی فــرە بــۆ ڕووداوی چرکەســاتی، بــە جۆرێــک کــە ئــەم هاتنەناوانــە بەســەر مــاوەی کاتەکیــی دیاریکــراودا دابــەش دەبــن، بــە جۆرێکــی تــر، ئەگــەر ئێمــە وێنــای ڕووداوێــک بکەیــن لــە خاڵێکــی کاتەکیــی دیاریکــراودا، ئــەوا ناتوانرێــت بەرفــرەوان بکرێــت بــۆ ئــەوەی زیاتــر لــە خاڵێــک لــە کات بگرێتــەوە و بــەم چەشــنە بنەمایەکــی میتافۆڕیــمان دەســت دەکەوێــت (جحفــة، عبــد الحميــد: ٢٠٠٦: ٢٧) و دەتوانیــن بــەم جــۆرە گوزارشــتی لــێ بکەیــن:

١- ماوەی دیاریکراوی پاشەکشێ کۆتایی هات.

٢- پزیشــکەکە جەختــی کــردەوە کــە نەخۆشــییەکەی

دارا مەترسیدارە و لەوانەیە لە هەر چرکەساتێکدا گیان لەدەست بدات.

٣- نەتەوەیەکگرتووەکان ددانی بەوەدا ناوە کە کشانەوە لە عێراق، چرکەساتێکی مێژووییە.

ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی ئەم نموونانەی سەرەوە، دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات، لە چرکەسات تێ بگەین، دەسەڵاتی مێتافۆڕی کە دەرفەتی خوێندنەوەی چرکەسات دەدات، لە ڕێبازی وێنایی وەرگیراوە کە وامان لێ دەکات، هەمیشە وا بزانین بەتەواوی لە جیهانی کاتەکیی دەرەوە دابڕاوە، بەڵام ناتوانین بڕەکەی بە کورت یان درێژ بپێوین، بەڵکوو دەتوانین پێوەستی بکەین بە خاڵی ڕووداوی دیکەوە کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەکەی، یان بەشێوەیەکی ڕوونتر:

- ماوەی گەیشتن بە چرکەساتی پاشەکشێ کۆتایی هات.
- نەخۆشییە ترسناکەکەی، چرکەساتی پێشبینیی مردنی بوو.
- کشانەوە لە عێراق، چرکەساتێکی مێژووییە.

سەرەڕای ئەوەی کە گەیشتن هیچ کاتێک لە چرکەساتێکدا ڕوو نادات و سەرەڕای ئەوەی نەخۆشی لە چرکەستێکدا ڕوو نادات و کشانەوە بە چەند قۆناغێک دەکرێت، بەڵام لێرەدا لە هەمەکییەتی خۆیدا ئاماژە بە چرکەسات دەکەین. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی مێتافۆڕی کە چرکەسات بەو کردەوانەوە دەبەستێتەوە و دەتوانین لە ناوەی خۆمان وێنایان بکەین، وەک ئەوەی برگەی کاتەکی دیاریکراو بن. بەم چەشنە ناتوانین بۆ نموونە وێنای مردن بکەین کە چەندان جار لەسەر یەک ڕوو دەدات، بەڵکوو مەبەست لە مردن، مەرگی مێتافۆڕییە کە لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەێت:

مردنەکەی چەندان کاتژمێری خایاند.

لە ترساندا هەموو ڕۆژێ جارێک دەمرێ.

«هەموو ڕۆژێک لە برساندا دەمرین».

ئەمە وا دەکات مردن ببێت بە بونیادێکی مێتافۆڕی، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە ڕەوتێکدایین هەموو ڕۆژێ دەگەین پێی، بەم جۆرە بونیادەکە لەسەر بنەمای ئەو ڕەوتەی دەمانگەیەنێت بە چرکەساتی مردن، دەخوێنینەوە. ئەم ڕەوتە توانای ئەوەمان پێ دەدات، سیستەمێکی میتافۆڕی وێنایی بونیاد بنێین کە مردن بە یەک چرکەسات دەبەستێتەوە و دابڕاوە لە جیهانی دەرەوەی خۆی، واتا وەک بونیادێکی داخراو، وێنای چرکەسات دەکەین کە پێوەندی بە دۆخی دەرەکییەوە نییە و ڕاڤەی میتافۆڕی (metaphoric interpretation) «چەندان کاتژمێر» و «هەموو ڕۆژێ» بۆ نموونە وای لێ دەکات ببێت بە سیستەمیکی دیاریکراو کە هەموو خاڵێکی نێوان دوو کاتژمیرەکە لێک دەبەستێت و لە نێو پانتایی ماوەیەکدا کە ٢٤ کاتژمێرە. بەم جۆرە هەموو ئەو خاڵانەی کە دەکەونە نێوان ئەم دوو پانتاییە لەناو یەک خاڵدا بە شێوەیەکی میتافۆڕی کۆ دەکرێنەوە. (الحسني، عبدالكريم: ٢٠١٥:٨٨-٨٩)

٢-٣ وێنای ئەو میتافۆڕانەی کە کات وەک گەنجینە دەناسێنن:

لایکۆف و جۆنسۆن، لە کتێبەکەیاندا واتە «ئەو مێتافۆڕانەی کە بە هۆیانەوە دەژین، ١٩٨٠»، ئەوەیان خستووەتە ڕوو کە دەکرێت کات بە وێنای ترەوە ببەسترێتەوە، وەک: کات/پارە، کات/سەفەر... کە هەندێک وێنان، وێنەدانەوەی سرووشتی مێتافۆریانەی بیرکردنەوەکان و هەبوونی پێوەندییە لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە ڕاستیدا ئەمانە هەڵسوکەوتی نوێن لەناو مرۆڤدا، لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا ئەم کاڵایە بەنرخ و دەگمەنە، هەستکردن بە بەنرخی کات وا لە مرۆڤ دەکات کە لەدەستدانی باش نەبێت و پێویستە دەستی پێوە بگیرێت و بە باشی بەکار بهێنرێت. (لایکوف و جونسون:٢٠١٠ :٢٥-٢٦)

بۆ نموونە:

تۆ زۆر کات لە من دەکوژی.

لە ڕێگەی ئەم ئەپەوە، چەندان کاتژمێرت بۆ دەگەڕێتەوە.

هیچ کاتم بەدەستەوە نەماوە.

چاککردنی ئەم ئامێرە، یەک سەعاتی لێ بردم.

باشترە دەست بە کاتەوە بگریت.

پێویست ناکات کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت.

زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی بە منت بەخشی.

ئەگەر تەمەشای میتافۆڕەکان بکەین، توانیویانە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان دروست بکەن، بە شێوەیەک کە لە هەستی ئێمەدا جێگیر بووە کە کات شتێکی بەنرخە و لە دەستدانی خراپە وەک ئەوەی پارە یان سەرمایەیەکی دیاریکراو بێت، نەکرێت بە ئارەزووی خۆت بەکاری بهێنێت، بەڵکوو پێویست بێت سەرمایەگوزاریی تێدا بکرێت، بە ڕەچاوگرتنی ئەو ماوەی کە بەدەست مرۆڤەوەیەکە لە «خوولەك،کاتژمێر، ساڵ...» خۆی دەنوێنێت، ئەگەر لە وێناکان وردبینەوە، کات بە نرخە، دیاری کراوە، تێ دەپەڕێ و ناگەڕێتەوە. دەتوانین بڵێین بواری سەرچاوە، پارە یان گەنجینەیە، بواری ئامانجیش کاتە، لە مێتافۆڕەکانیش دەستپێوەگرتنی واتا بە نرخزانینیەتی، ئەمە ئەو ڕێگەیانەیەکە لێکەوتە میتافۆڕییەکانی دەربارەی کات بۆ دروست بووە کە لە وێنا و بیرکردنەوەی تاکەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش هەر لە ڕێگەی ئەو میتافۆڕانەیە کە کولتوورەکانمان دروستیان کردووە.

٤-٢ وێنای مێتافۆڕیی ڕیزبەندیی کات

بەپێی شیکردنەوەکان بێت، کات دیاردەیەکی زەینییە بەو پێیەی بەشێکە لە واقیع، ئەم بۆچوونانە لەلای «ئیڤانس، ٢٠٠٤» دەگاتە لووتکە، کاتێک ئەوەی دەرخست کە سیستەمی کاتی لای مرۆڤ، سیستەمێکی دەروونی و بایەلۆژییە، بیرۆکەی وێنا مێتافۆڕییەکان، هیچ واتایەکیان نابێت، ئەگەر لە گۆشەیەکەوە بە واقیع نەبەسترێنەوە، بەشێوەیەک پێی وا بوو، سیستەمی کات لە زەینی مرۆڤدا بەپێی دوو خاڵی بەیەکگەیشتن بونیاد نراون، جووڵەی خود و جووڵەی کات، ئەم دوو خاڵەش کاتێک بەیەک دەگەن کە سەیرورەی کاتیی گریمانەی ئەوە دەکات کە کات لەسەر هێڵێکی ڕیزبەندیانەی شتێکە و ناوی ناوە «نموونەی ڕیزبەندیانەی کات». ئەوە دەردەخات کە کۆی ئەو سیستەمە مەعریفییانەی کە هەوڵ دەدەن بیرکردنەوە لە کات لە ژوورەکانی مێشکەوە بگوازنەوە بۆ سیاقی زمانی وایان کردووە بۆ کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەر پێویستمان بە مێتافۆڕەکان بێت، ئەگەر گریمانەکە ئەوەی سەلماند کە کات ڕیزبەندی هەیە، ئەو کاتە پێویستمان بە وشەکان دەبێت بۆ ئەوەی بڕیاری ڕاست لەو بارەوە بدەین و لە دەربڕینەکانمدا بنوێنرێت. (Evans:٢٠٠٤,١١٦)

١- کەڵەشێریش نەبێت ڕۆژ هەر دەبێتەوە.

٢-ڕۆژتان دێت.

٣-ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە.

مێتافۆڕەکان ئەوە دەردەخەن کە کات لە زنجیرەیەکی بێکۆتا پێک هاتووە و ناوەستێت، وەک هەر پێکهاتەیەکی تری گەردوونی (ئاو، هەوا، گەردوون...) مەحکوومە بە کردەی سەیرورە و بەردەوامە.

بەشێوەیەکی گشتی، وێنای کات لە زەینماندا بەشێوەی یەکەی نەبڕاوەی ڕۆژ و ڕووداو و کیانەکان ڕیز بووە کە کاری لە چۆنییەتیی بیرکردنەوەمان کردووە و زۆربەی کات لە ڕێگەی ژێدەرێکەوە دەبێت کە کاتەکەی بۆ دەگەڕێنینە، وەک ئەوەی بڵێین:


هەموو ساڵێک یادی لەدایکبوونی دەکەمەوە.

هەموو مانگێک سەری لێ دەدەم.

لە ژیاندا جارێک ژن دەهێنم.

ئەوەی ئەم سیاقانە لەگەڵ یەکدا کۆ دەکاتەوە ئەوەیە، خود دەکاتە سەرچاوەی کات و وا دەکات هەرسێ کردەکە (یادکردنەوە، سەردان، ژنهێنان) پێوەست بن بە خودەوە، لە ڕابردوو و ئێستە و داهاتوودا هەیە و بەشێکن لە ڕیزبەندییەکانی کات، ئەو کاتە هەست دەکەین خودیش بەشێکە لە سەیرورە کاتییەکە و وا دەکات کاتێک کە ئێمە وێنای «کات» دەکەین و دەری دەبڕین، وەک ئەوەیە کە لە نیشانە کاتییە جیاوازەکاندا دەربڕین لە خود بکەین، بگرە دەتوانین کاتەکە بەشێوەیەکی گریمانەییش نیشانەی بکەین. ئەمانە تەنیا کات نین، بەڵکوو کاتی ڕووداون، نابێت وەک بەرەنجامێک لێی بڕوانرێت، لەبەر ئەوەی کاتی ڕووداوێکی دیاریکراوە، پێوەست و دیاریکراوە بە شوێن و کاتێکەوە، بەپێی ڕووداوەکان لە زەیندا شوێنی خۆی کردووەتەوە. ئەمە وا لە بونیادی وێناییمان دەکات، پێکهاتەیەکی مێتافۆڕی هەبێت، بەرەو دەرککرنێکی لۆژیکی وامان دەبات کە ئەو ڕووداوانەی دەکەونە پشت خودەوە بە شێوەی ڕووداوی

تاقیکراوەیی خود خۆی بنوێنێت، تەنانەت ئەو ڕووداوانە وەردەگرین بۆ کاتێکی دیاریکراوی پێ ڕێکبخەین.




هێڵکاری١: سرووشتی تۆمارکراوی (ڕ) ڕووداوەکان لە بیرەوەریدا

لەم هێڵکارییەی سەرەوە، پێکهاتەکە لە «ڕ١» بۆ «ڕ٣» دەچێت و لە «ڕ٣» بۆ «ڕ١»یش هەر ڕاستە، بەپێی خستنەپێشی ڕووداوە گرنگەکە سەبارەت بە خود، بەم پێیە ئەم ڕووداوانە وەک تاقیکردنەوەیەک یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ڕێڕەوی کات لە بیرەوەریماندا تۆمار بێت. Evans (٢٠٠٤:١١٦,)

ئەگەر میکانیزمە دەماری و مەعریفییەکان توانای دەرککردن و جووڵەی پێ بەخشیبین، لە هەمان کاتدا بەرپرسە لەسەر سیستەمە وێناییەکانمان، بۆ ئەم مەبەستە تا لە کات بگەین، پێویستمان بەوەیە کۆی سیستەمی وێناکردنمان و میکانیزمەکانی ئەم پێکهاتە دەمارییە بزانین، ئەندازیارییە گەردوونییەکانی کە بە شێوەی وێنایەک لە ژیانی ئێمەدا ڕەنگ دەداتەوە دەردەکەوێت، بەم شێوەیە کات، دەرککردنێکی دەروونییە، تاقیکردنەوەیەکی خودییە کاتێک ئێمە لەگەڵ دەوروبەرمان کارلێک دەکەین و لەگەڵ زەین و دەمارەکانماندا دروست دەبێت هاوڕێین لەگەڵی کارمان تێ دەکات و کاری تێ دەکەین، کارلێکی لەگەڵ دەکەین، کاریگەری لەسەرمان دەبێت و کاریگەریمان لەسەری دەبێت. دەرکەوتنی لە کاتی مامەڵەکاندایە، هەر ئەو وا دەکات کە ئێمە هەست بکەین دەتوانین لەگەڵ دەوروبەرمان کارلێک بکەین و دونیای خۆمان دیاری بکەین، ئەمە وا دەکات بڕوا بەوە بێنین کە حوکمکردنەکانمان لەگەڵ دەوروبەرمان بەپێی بارودۆخ ڕاست و دروستییان دەردەکەوێت، لەو کاتانەدا بەکاریان دێنین و لەگەڵ جیهانەکەماندا دەیگونجێنین. بونیادە دەمارەکانمان سیستەمی وێنەییمان دروست دەکەن، بەڵام بە بێ میکانیزمە تاقیکارییەکانی جیهان، ئەمانە هیچیان نابن بە واتای مەعریفی، ئەگەر بیرکردنەوەی واتایی بە مێتافۆڕەوە گرێ نەدرێت ناتوانێت جەوهەری شتەکانمان بۆ دەرخات و لە نێویشیاندا کات بۆ تێگەیشتن لێی هەمیشە پێویستیمان بەو دەربڕینانە دەبێت بۆ گەیشتن بە واتا و سیستەمەکانی.

ئەنجامەکان:

١- مێتافۆڕ لە قسەکردنی ڕۆژانەدا هەیە و بەشێکە لە سێگۆشەی واتایی بیر و وێنای جیهان و شت، بەشێکە لە جیهانی مەعریفی و هاوکات سەرچاوەکەی مەعریفەی مرۆڤە، بۆیەش بە مێتافۆڕیی وێنایی ناونراوە، هۆکارێکە بۆ وێناکردنی شتەکان لەلایەن مرۆڤەوە و لەسەر کردەی کەوتنی بواری سەرچاوە و بواری ئامانج کار دەکات.

٢- میتافۆڕەکانی کات، هەندێک واتا دەخەنە پاڵ کات کە دەکرێت لە واتای باو تێپەڕی بێت و لە ڕووی ئاڕاستە گەردوونییەکەیەوە پێبەندی تایبەتمەندیی سەرچاوە و ئامانج بێت. مێتافۆڕی گەردوونی، پێوەستە بە مێتافۆڕی ئاڕاستەکانەوە، بەو پێیەی سیستەمێکی تەواوی وێناکردنە کە پێوەستە بە ئاڕاستە گەردوونییەکانەوە و لەسەر تاقیکردنەوە فیزیکی و کولتووریەکانی تاک دامەزراوە، بەم شێوەیە لەژێر ڕۆشنایی ئاڕاستە گەردوونییەکان، ئەم نەمەتە ڕێک خراوە.

٣- زۆربەی جار کات بە دەستەواژەکانی خۆی وێنا ناکرێت و قسەی لەبارەوە ناکرێت. بەشێک لە تێگەیشتنی ئاساییمان بۆی، بریتییە لە دەرککردنی کات بەشێوەیەکی پەتی و بەشی زۆری تێگەیشتنمان لەهەمبەری داڕشتنێکی تێگەیشتنە بۆ جووڵە و گەردوون.

٤- تەباییەکی واتایی لەنێوان چەقبەستن و خێرایی و کورتی لەگەڵ سیستەمی کاتەکیی ماوەدا هەیە، بە جۆرێک کە ژێرخانەکەی لەناو دەبات بۆ ئەوەی لەگەڵ فشار و درێژی و کورتی ماوەدا تەبا بێت.

٥- پێوەندیی میتافۆڕی کە چرکەسات بەو کردەوانەوە

دەبەستێتەوە کە دەتوانین لە ناوەوەی خۆمان وێنایان بکەین، وەک ئەوەی برگەی کاتەکی داياریکراو بن.

٦- لە هەندێك باردا، بواری سەرچاوە پارە یان گەنجینەیە، بواری ئامانجیش کاتە، لە مێتافۆرەکانیش دەستپێوەگرتنی واتا بەنرخزانینی، ئەمە ئەو رێگەیانەیەکە لێکەوتە میتافۆرییەکانی دەبارەی کات بۆ دروست بووە کە لە وێنا و بیرکردنەوەی تاکەکانیشدا رەنگی داوەتەوە.

٧- بەشێوەیەکی گشتی، وێنای کات لە زەینماندا بەشێوەی یەکەی نەبراوەی رۆژ و رووداو و کیانەکان ریز بووە کە کاری لە چۆنییەتیی بیرکردنەوەمان کردووە کە زۆربەی کات لە رێگەی ژێدەرێکەوە دەبێت کە کاتەکەی بۆ دەگەرێنینەوە.

٨- زمانی کوردی، بەهەمان شێوەی زمانەکانی جیهان، میتافۆرەکانی کات هەندێک واتا دەخەنە پاڵ کات کە دەکرێت لە واتای باو تێپەری بێت، کات لە چوارچێوەی ماوە -سات خۆی دەنوێنێت، وەک گەنجینەیەک لێی دەروانرێت و لە مێتافۆرەکاندا رێزبەندی کات بە تەواوی دەردەکەوێت.

سەرچاوەکان:

یەکەم/ بە کوردی:

کتێب:

عەبدولوەهاب، کانی شەریف/ ٢٠٠٥/ فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا/ چاپخانەی روون/ سلێمانی.

عەلی، جەلال محمود/ ١٩٨٢/ ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا/ دەزگای بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی/ بەغدا.

غەفور، مستەفا/ ٢٠١٨/ ئۆدیۆم و رەهەندەکانی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

موحەمەدی، خەلیل/١٣٩٦/ زەردەی دەمکەل/ بەرگی یەکەم/ انتشارات/ دانشگاە کردستان/ سنندج.

گۆڤار:

محمد، ولیا حاتەم/٢٠٢٠/ مێتافۆری چەمکی لە زمانی کوردیدا/ گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەرگی ٢٤/ ژمارە٦/ زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر.

نامەی ئەکادیمی:

ئەحمەد، عەبدولمەناف رەمەزان، مێتافۆر لە زمانی کوردیدا، دیالێکتی کوردی ناوەراست و سەبدیالێکتی کوردی شەبەک بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧.

دووەم/ بە عەرەبی:

کتێب:

بومييان،كريستوف/٢٠٠٩/ نظام الزمان/ ت. بدردين عرودكي/ مركز دراسات الوحدة العربية/ بيروت.

جاكندوف/٢٠٠٢/ الدلالة مشروعا ذهنيا، ضمن الدلالة اللغة وتصميمها/ ترجمة محمد غاليم/ دار توبقال للنشر/ مغرب.

جحفة، عبدالمجيد/٢٠٠٠/ اجسادنا في الفضاء تولد ألاستعارات، ضمن الاستعارة والمعرفة مختبر اللسانيات والتواصل/ أعداد حالد برادة و عبدالمجيد جخفة/ منشورات المختبر/ كلية الاداب/ بني امسيك-دار البيضاء.

جحفة، عبدالمجيد/ ٢٠٠٦/ دلالة الزمن في اللغة العربية، دراسة النسق الزمني للأفعال/ دار التوبقال للنشر/ المغرب.

غاليم، محمد/ المعنى والواقيع، مبادىء التأصيل البخث الدلالي العربي/ مركز الدراسات و الأبحاث التعريب/ الرباط.

لايكوف جونسون/ الفلسفة في الجسد، الذهن متجسد و تحديه للفكر الغربي/ ت. عبدالمجيد جحفة/ دار الكتاب الجديد/ بنغازي – ليبيا.

لايكـوف و جونسـون/١٩٨٠/ الأسـتعارات التـي نحيـا بهـا/ ت. عبدالمجيـد الجحفـة/ دار التوبقـال للنـشر/ المغـرب.
لايكـوف و جونسـون/٢٠١١/ مـن نكـون؟/ ت. عبدالمجيـد جخفـة ضمـن الاسـتعارة والمعرفـة مختـبر اللسـانيات والتواصـل: أعـداد حالـد بـرادة و عبدالمجيـد جخفـة/ منشـورات المختـبر/ كليـة الاداب/ بنـي امسـيك-دار البيضـاء.
لايكـوف، جـورج/ ١٩٩٢/ النظريـة المعـاصرة في الاسـتعارة/ ت.محمـد امين مؤمـن، ضمـن الاسـتعارة والمعرفـة مختـبر اللسـانيات والتواصـل/ أعـداد حالـد بـرادة و عبدالمجيـد جخفـة/ منشـورات المختبر/ كليـة الاداب/ بنـي امسـيك-دار البيضـاء.
المـلاخ، محمــد/ ٢٠١٠/ الزمــن في اللغــة العربيــة، بنياتــه والتركيبتــه الدلاليــة/ دار الامــان/ الربــاط.
گۆڤار:
الحسـني، عبدالكبـير/ التصـور الأسـتعاري للزمـن: مـن أدراك اللغـة الى أدراك الذهـن، دجلـة اللسـانيات العربيـة/ مجلـة علميـة محكمـة تصـدر عـن مركـز ملـك عبداللـه بـن عبدالعزيـز للخدمـة اللغـة العربيـة/ العـدد ١/ ينايـر٢٠١٥/ ريـاض- السـعودية.
عطـا اللـه، أيمـان عبدالسـتار/ اسـتعارة والزمـن، قـراة للكتـاب الفلسـة والجسـد جـورج لايكـوف و مـارك جونسـون/ الحـوا المتمـدن/ العـدد ٥٥٣٦/ ٣٠-٥-٢٠١٧.
گفتوگۆ:
لايكـوف/ ٢٠١٧/ حـوار مـع لايكـوف حـول الزمـان كالاسـتعارة في ١٧ سـبتمبر ٢٠١٥ علـى يوتيـوب:
https://www.youtube.com/watch?v=hqD٥KVAnnlM&t=٧s في تاريـخ ٢٠٢٣/٥/٢.

سێیەم: بەئینگلیزی

books
Chomsky، (1975)، Reflection on Language، Pantheon، New York
Evans، V. (2004) The Meaning of time: polyseme the lexicon and conceptual structure journal of linguistic.
Evans، V. (2004) The Structure of Time: Language، Meaning and Temporal Cogitations، Amsterdam: john Benjamin
Hickmann. M (2003) space and time across language، CNRS، University Rene Desecrates، paris،5
Hun، Eugene. (1977) Tzeltal Folk Zoology: The Classification of Discontinuities in Nature، New York: A
Johnson، Mark. (1987)، The Body in the Mind. Chicago: University of Chicago Press
Katz، Fodor (1972) the structure of semantic theory، languge،116
Lakoff. G. Jonson، M. (1999)، Philosophy in the Flesh، New York: basic books، Language، Pantheon، NEW YORK

## ملخص

هـذا البحـث يفحـص تصوُّرنـا العقـليّ للزَّمـن، فيـدرس الآليَّـات المعرفيَّـة؛ التـي نسـتعملها في التخاطـب اليومـي، ويحلّـل أسسـها ومبادئهـا، بوصفهـا جُـزءاً مـن معرفتنـا اللاوعيَّـة، التـي تسـهم في بنـاء اعتباراتنـا الفكريَّـة وتصوُّراتنـا الذِّهنيَّـة لعنـصر الزَّمـن، وطريقـة التَّفكـير بـه، ووصفـه والتَّحـدُّث عنـه، فلـن نبـدأ في هـذا البحـث بتصـوُّرات الزَّمـن المبنيَّـة عـلى الوعـي، بـل سـنبدأ عوضاً عـن ذلـك بتصـوَّرات الزَّمـن اللَّاواعيَّـة، التـي نسـتعملها عـلى نحـو لا إراديٍّ (آليٍّ)؛ لأنَّهـا تصوُّراتنـا عـن الزَّمـن، التـي تواضعنـا عليهـا اتفاقـاً، والتـي تنـدرج في أنسـاقِنا التَّصوُّريَّـة (الذِّهنيَّـة) اليوميَّـة.

كـما نتوقـف عـلى مفهـوم غنـي ومعقـد للزمـن، الـذي ينبنـي في داخـل أنسـاقنا التَّصوُّريَّـة (الذِّهنيَّـة)؛ كي نفهـم مـا نتحـدث عنـه، حـين نسـتعمل لفظـاً مـن قبيـل لفـظ (الزَّمـن)، إذ علينـا أن نحلِّـل أوَّلاً الكيفيـة، التـي نبنـي بهـا تصوَّرنـا للزَّمـن، والتـي نفكـر بهـا إزاءه، إنَّنـا لا نتصـوَّر الزَّمـن مـن خـلال الزَّمـن نفسِـهِ، بـل نتصـوَّره في جـزءٍ دالٍ عليـه اسـتعاريّاً.

وينقسـم البحـث إلى فصلـين رئيسـين، الفصـل الأول: يـدرس الاسـتعارة مـن منظـوره النَّظـريِّ، مـن حيـث التَّصـوَّر الاسـتعاريّ، وتشـكيل المعنـى، ثـمَّ يتطـرَّق إلى مفهـوم اسـتعارة الزَّمـن الفضائيَّـة، وأمَّـا الفصـل الثـاني فإنَّـه يحيـل ضمنيَّـاً إلى اسـتعارة الزَّمـن مـن خـلال المـدَّة، واللَّحظـة، واسـتعارة الزَّمـن مـن حيـث البضاعـة، والتَّصـوَّر الاسـتعاريّ للتَّسلسـلِ الزَّمنـيّ.


الكلمات المفتاحيَّة:

الاستعارة-الزَّمن-المعرفة-اللَّحظة- المدَّة-التَّسلسل الزَّمنيّ


## Abstract

The metaphorical imagination of time: from the perception of language to the perception of the mind

key words: metaphor, time, moment, period, sequencies of time. This research is about our imagination of time. It is research in the cognitive mechanisms that we use as part of the cognitive unconscious that contributes to building our imagination of time، thinking about it and talking about it. We will not start this research with imagination of time that are consciously built. On it، which is included in our daily conceptual systems.

It is based on a rich and complex concept of time، which is built within our conceptual systems، and in order to understand what we are talking about when we use a term such as the term (time)، we should first analyze how we build our imagination of time and think about it. It is that we do not perceive time through time itself، but we perceive it Metaphorically.

The research consists of two main chapters، the first chapter studies the metaphor from its theoretical perspective in terms of metaphorical imagination and the formation of meaning، then the research deals with the concept of space time metaphor، in the second chapter it implicitly refers to the time metaphor through the duration and the moment and the time metaphor of the value and the metaphorical perception of the time sequence.